سەید حەکیم: نەجەفی ئەشرەف شایستەی ئەرکێکی زیاترە لە هەردوو حکومەتی ناوەندی و نێوخۆیی



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕێز یوسف گناوی پارێزگاری نەجەف و کۆمەڵێك ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا کرد، لەم دیدارە باس لە ئامادەکارییەکانی شارەکە بۆ یادی لەدایك بوونی پێغەمبەری مەزن (د.خ) لەسەر بێت، هەورەها ستایشی ئەرك و خزمەتی کرد ل□ ر□زانی چلەی ئیمامی حوسێن (خوا لێیان ڕازی بێت)، ه□ر□ها داواشی کرد جووڵە بە پرۆژە پەك کەوتوەکان بکرێت لەوانەی بەشێکی باشیان ئەنجامدراوە.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر گرنگی شاری نەجەف بەو پێیەی شاری ئەمیری موسلمانانە (سلاوی لێ بێت) و سەنتەری مەرجەعیەی باڵاو حەوزەی زانستییە، ئەوەش پێویستی بە ئەرکێکی زیاترە لە هەردوو حکومەتی ناوەندی و نێوخۆیی، دووپاتیشی کردەوە کە پێویستە تواناکانی پارێزگاکە لە ڕووی گەشتیاری و کشتوکاڵی و پیشازی و نەوتی.

لەکۆتایدا بەڕێز حەکیم داوای کرد دەسەڵاتی دەستووری و یاسایی بە حکومەتە خۆج□یی□کان بدرێت، هەروەها گرنگی هەماهەنگی کاری نێوان حکومەت و وەزارەتە خۆجێییەکان بۆ باشترکردنی شارەکان باسی لێوەکرا...